# خەونێک لە خەوندا

ئێدگار ئالان پۆ
لە ئینگلیزییەوە: ئیحسان خەیات



ها ئەوە ماچێک لە نێوچەوانت!
ئێستا لەبەر لێم دابڕانت،
با دان بەوەدا بنێم
تۆ هەڵە نیت لە تێڕامانت
کە ڕۆژگارم هەمووی خەون بێ،
لێ ئەگەر هیوا باڵی گرتبێ
بە شەو، یان بە ڕۆژ بێ
بە خەون، یان بێ خەون بێ،
دەبێ خەمێکی هێندە کەم بێ؟
گشت ئەوانەی دەیانبینین، یانیش ئاوهایان دەبینین
تەنها خەونێکن لە نێو خەوندا.

من لە نێو هاژە هاژ و گڤە گڤی کەناری دەریا وەستاوم
کەناری ئەشکەنجەدراو بە کەفی دەریا و
لە نێو مشتمدا زیخی زێڕینی گەمارۆدراوم
مەخابن زۆریش کەمە! لێ لەگەڵ هەندێشدا
وا لە نێو ئەنگووستەکانمدا
دەخشێتە خوارەوە
لەو دەمای دەگرییێم و دەگرییێم!
ئەی خوایە گیان! ئاخۆ ناتوانم بە مشتێکی توندتر ڕای بگرم؟
ئەی خوایە گیان! دەبێ من نەتوانم تەنها یەک دەنک
لە شەپۆلی بێ بەزەییدای ڕزگار بکەم؟
ئایا گشت ئەوانەی دەیانبینین، یانیش وایان دەبینین
تەنها خەونێکن لە خەوندا؟

**سەرچاوە:**
**http:/www.poemhunter.com/ edgar- allan - poe**

## لە هوشیاربوونەوەی ئەمەریکا

**تۆنی بێیەر**

### ١- پەناگا

دوارۆژی جیهان داهات
ڕێک لە دوای دەنگوباسی کاتژمێر نۆ
هاوکات لەگەڵ تۆڕی هەواڵ و سەندیکاکان بوو
بۆ بانگەوازی ڕۆژی دادگای گەورە بوو

### ٢- هەستبزواندنی لەبار

بەڕێوەبەران لە دەرەوەی ئۆفیسەوە
کارمەندەکان لە ئامێز دەگرن
یان بۆ لە ئامێزگرتنی ئاماژەیی هەوا هەنگاو دەنێن
بەڵکو ونبووەکان بگرنەوە
ئەوەی لە ئاوێنەدا سەیری دەکرد سووتا
ئەوەی لە کیبۆرد تایپی دەکرد سووتا
ئەوەی تەلەفۆنی دەکرد سووتا
ئەوەی قاوەی خێرای تێکدەدا سووتا
ئێش هەرگیز وەکو خۆی لێنایەتەوە
بەڵام وێڕای هەموو خەوشە ئاڵۆزەکانی
بەو جوامێرییە و ڕاستگۆییەکانی
و ئەو نهێنییە پیرۆزەی سەرمایەداریی جیهانی
بە ئاسانی ڕۆیی.

**سەرچاوە:**
**http:/headwork.eyesis.co.nz/author/
beyert.php**